# ئاشتبوونەوەی ئێراقییەکان لەگەڵ سینەمادا

**کورتە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ جەمیل ڕۆستەمی دەرهێنەری فیلمی" ژانی گەل"**

وەرگێرانی بۆ کوردی: ڕێناس جاف
renascaf@yahoo.com

"ژانی گەل" ناوونیشانی فیلمێکی جەمیلی ڕۆستەمی (سینەماکاری ئێرانی)یە1 ئێستا لەسەر پەردەی سینەماکانی ئێراقە و نەمایش دەکرێ و لە تەک پێشوازییەکی بەرفرەی جەماوەریشدا بەرەو ڕوو بۆتەوە.
ئەم فیلمە بە گوێرەی ڕۆمانێکی ئێراقی2 نووسینی برایم ئەحمەد کە یەکەمین و بەناوبانگترین ڕۆمانی کوردییە ،چێکراوە.
سەربردەی فیلمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1947 ی زایینی و خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی . لەو خۆپیشاندانەدا فەرمانبەری دەزگەیەکی دەوڵەتی بەهەڵکەوت ئەچێتە نێو ڕیزی خۆپیشاندەران و لە کاتی یارمەتیدانی ژنێکی بریندار کە وەبەر گوللەی هێزی سەربازیی ئێراقی کە جەماوەریان وەبەر دەسڕێژی گوللە داوە،کەوتووە و زامدار دەبێت و پاشانیش دەخرێتە زیندانەوە.
کورتە وتووێژێکمان دەگەڵ جەمیلی ڕۆستەمی سەبارەت بەم فیلمە و لاگری لە فیلمەکانی بە ماک و ناوەڕۆکی مرۆیی ئەنجام داوە.

پ: ئەکران و نەمایشی فیلمی "ژانی گەل" لە ئێراق چلۆنە؟

و: زۆر کەسان دەچنە بینینی و لە ناوچەکانی کورد و عەرەب نشیندا پێشوازییەکی زۆری لێکراوە. کابینەی دەوڵەتی ئێستا(نووری مالیکی)،کابینەی پێشوو(جەعفەری) و تاڵەبانیش فیلمەکەیان بینیوە و گەلێ لەسەریان گاریگەر بوو. تاڵەبانی بە دیتنی فیلمەکە گریانی هاتێ.

پ: ئێستێ لە کامە شاران نەمایش دەکرێ؟

و: سلێمانی، دهۆک،زاخۆ،هەڵەبجە و ...تا ئەو شوێنەی ڕەشەکوژ و تیرۆریستان بێڵن، ئەم فیلمە نەمایش دەکرێ.

پ: باشە هۆکارەکانی پێشوازی لەم فیلمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

و:یەکەم، ئەم فیلمە بەگوێرەی ڕۆمانێکی ناسراو کە ساڵی 1971 ی زایینی بلاو بۆتەوە ،چێ کراوە. ئەم ڕۆمانە دوو جاریش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.
دووەم، ژمارەیەک سینەماکاری هەرەناسراوی ئێرانی لە چێکردنی دا دەوریان بینیوە و لەباری تەکنیکی و بگرە لە باری چۆنیەتییەوە لە ئاستێکی باندایە. ئەم گرووپە بە باشترین شێوە لەسەر ئەم ڕۆمانە کاریان کرد و ئەرکەکەیان زۆر سەرکەوتووانە جێ وەجێ کرد.

پ:ئایا ئێراق بەقەدەر پێویست سینەمای تێدایە؟

و:نەخێر!ئەم فیلمە بوو بە هۆکار بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکانی ئێراقی بنووسن:ژانی گەل پاش 37 ساڵان جەماوەر لەگەڵ سینەمادا ئاشت دەکاتەوە.

پ:باشە ئەی خەڵک ڕوو لە سینەما ناکەن؟

و: بۆنا(چما) بەلاّم بنەماڵەکان ئەوەندە ناچنە سینەما، لەبەر ئەوەی فیلمی ئەوتۆ چێ ناکرێ شیاوی سەیرکردن و بینین بۆ ئەوان بێت. ژانی گەل لەم بارەوە فیلمێکە لەبار بۆ تەواوی بنەماڵەکان.

پ:ئایا لە ئێراقدا فیلم دێتە بەرهەم؟

و: نەخێر،هیچ چەشنە بەرهەم هێنانێکی فیلم لە گۆڕێدا نییە.وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێراق ئەم بەینە هۆگری خۆی بۆ چێکرانی فیلم پیشان داوە و بەپاڵ پشت و یارمەتی ژمارەیەک سینەماکاری ئێرانی بەنیازە فیلم چێ

بکات.

پ:ئەی باشە "ژانی گەل" لە ئێرانیش نەمایش دەکرێ؟

و: لەگەڵ یەک و دوو شوێنی پەخشی فیلم دا قسە و باس کراوە تا بۆ نەمایش کران ئامادە بکرێ ،پێم وایە لە 10 رۆژی داهاتوودا ئەوەشم بۆ روون دەبێتەوە.

پ: بەزمانی کورد؟

و:بەڵێ،هەر وەک شینی بەفر،بەزمانی کوردی و بەژێرنووسی فارسی بڵاو دەکرێتەوە.

پ: شینی بەفریش لە ئێراندا پێشوازی باشی لێکرا؟

و:باش بوو بەڵام ماوەیەکی کورت بۆ نەمایش کرانی تەرخان درا و لەبەر هەندێ هۆ و هەگەر بە تەواوەتی بۆ نەمایش کران دانەنرا، گەر دیسان هەلێکی ترمان بۆ نەمایش کردن بخرێتە بەردەم دڵنیام پێشوازی زێتر و فرەتری لێدەکرێ.

پ:"ژانی گەل" لە فێستیڤاڵەکانی بیانیشدا بەشدار دەبێت؟

و:بێگومان،بەڵام تا ئێستا بەرێ نەکراوە و بۆ یەکەمجار رەوانەی کۆرەجێژنی خانەی سینەما کراوە تا بزانین چۆنی لێ دێ.

پ: لاگری ئێوە لە سینەماکارانی ئێرانی کە بانگەوازێکتان بڵاو کردۆتەوە ،چلۆن دەبێت؟

و: ئەم بانگەوازە رووی لە تەواوی ئەو سینەماکارەئێرانییانەیە کە پاش سەرکەوتنی شۆرش تا ئێستا روویان لە پرسەکانی مرۆیی کردووە و بە بۆچوونێکی جیهانی دەیانەوێ  پێوەندی بە تەواوی هۆگرانی سینەماوە لە سەرانسەری جیهاندا بکەن."سولی فیلم" لە ئێراقدا بە نیازە باسی ئەو زوڵم و ستەمەی بکات کە لە گەلانی ئەو وڵاتە چووە(کراوە). رژێمی بەعس لە باشووردا 100 هەزار شیعە و لە باکووری ئێراقدا 182 هەزار کوردی ئەنفال کردووە، گەلێ لەم جۆرە ستەمانەی  دەرحەق  کراوە. تا ئێستا میللەتی ئێراق خودانی مێدیایەکی ئەوتۆ نییە وەسف و بەیانی ئەو کارەساتانەی پێ بکات، ئێمە هەنووکە دووی ئەو چەشنە پرسانە دەکەوین.

پ:باشە سەربردەی فیلمەکان دەبێ هەر لە پێوەندی دەگەڵ ئێراقدا بێت؟

و: نا پێویست ناکات، پرسی مرۆیی رووی لەهەر کوێی دونیا بێت بۆی هەیە بکرێتە فیلم بەڵام ئێراق سەرەیەتی یەکەمە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەوەندە ئاوڕ لە کارەسات و کێشە و پرسەکانی ئێراق نەدراوەتەوە.

پ:باشە ئەم لاگرییە هەر تەنێ دراوی و مادی دەبێت؟

و: هەم دراوی و هەمیش مەعنەوی. جگە لە کاری ئامادەکردن،کەرەستەی ستۆدیۆیی و راوێژکاری پێویست و پێوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئێراقی و هاودەنگی کردن و ئەوەی پێویست بکات، لە رێی ئێمەوە ئەنجام دەگرێ.

پ:باشە تابەئێستا لەو پێوەندییەدا هیچ چالاکییەکتان هەبووە؟

و: ئەرێ،لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئێرانی دانیشتەی ئیتالیا بەناوی "فەریبورزی کامکاری" فیلمێکی هاوبەش بەناوونیشانی"گوڵەکانی کەرکووک" چێ دەکەین. فیلمنامەکەی خەریکین دووبارەنووسی دەکەینەوە و لە سەرەتای مانگی رەزبەری ئەمساڵدا بەهاوبەشی  ئێران –ئیتالیا کاری سازکردنی دەس پێدەکەین. ناوەرۆکی ئەم فیلمە لەسەر هەڵمەتێکی ژێرزەوینی رژێمی بەعسە کە مادەی کیمیایی لەسەر خەڵک تاقی دەکاتەوە. لەم فیلمەدا پێوەندییەکی خۆشەویستی سەرهەڵدەدا و پاشان گەلێ رووداوی دی بە دوایدا دێن .

سەرچاوە: رۆژنامەی "ئیعتیماد میللی"،دووشەممە،5ی خەرمانانی 1386 ی هەتاوی ،گۆشەی ئەدەب و هونەر، لاپەرەی 12

ئەنجامدەری وتووێژەکە بە فارسی: رەزا ئاشوفتە

1 دیاره وتوویژکار لەبەر ئەوەی فارس و ئێرانییە و زۆربەی ئێرانییەکانیش هەڵگری هەمان ڕوانگە و بۆچوون و هەستی پان ئێرانیستیین و پێیان وایە لە وڵاتی ئێراندا جگە لە ئێرانی ،گەل و میللەتێکی دی تێدا نییە و بگرە بۆشیان نییە خۆ بە جۆرێکی دی بناسێنن ئەویش ڕاس کەوتۆتە نێو هەمان بازنەی بەتەسکەوە ئەگینا هەمووان دەزانن "جەمیلی ڕۆستەمی"، سینەماکارێکی کوردە و هەوێن و ماکی تەواوی بەرهەم و فیلمەکانیشی گەلەکەیەتی.

2 نازانم لەبەر ناشارەزاییتییە یان هەمان سنووردانان بۆکوردان کە وتوویژکار ڕۆمانی "ژانی گەل" بە ڕۆمانێکی ئێراقی دەناسێنێ ئەوە لەکاتێکدایە ماموستا برایم ئەحمەد، یەکێکە لە چیرۆکنووس و نووسەرە هەرە ناسراوەکانی گەلی کورد و دەقی سەرەکی ئەم ڕۆمانەش بە کوردییە و بە هیچ لەونێک ناچێتە خانەی ڕۆمانی ئێراقییەوە.

پەیڤێک:ئەم وتوویژە هی چەن مانگ لەمەوبەرە ،هەر بۆیە زۆر پرسیار و وەرامی نێو ئەم گفت و گۆیە بۆ نها(ئێستا) کۆن دەنوێنێ.بەڵام لەبەر بایەخی ئەم وتوویژە بۆ گۆشەی هونەری کوردی خاسما سینەمای کوردی حەیفم هاتێ نەیخەمە بەردەس خوێنەر و هۆگری کوردی جیهانی هونەر.
بەختەوەرانە ئەم بەرهەمەی جەمیلی ڕۆستەمی واتە "ژانی گەڵ"، تائێستا گەلێ خەڵاتی جیهانی بردۆتەوە و تەنانەت ڕێی بڕیوەتە ئاستی فیلمەکانی دەس نیشانکراو و هەڵبژێردراو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.هیوای سەرکەوتن بۆ سینەماکاری گەنجی کورد جەمیلی ڕۆستەمی دەخوازم.

ڕێناس جاف

تاران، 25 ی گەڵاڕێزانی 2707 ی کوردی